# تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکان

تۆ لە سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە (لێرە بەدواوە تەنها دەڵێین سیستەمی یارمەتیدان) ناسێنراویت یان وەکو نەفەرێك وەرگیراویت. وەکو نەفەریك مافی ئەو کردەوە یارمەتیدەرانەت هەیە کە بەپێی یاسا بۆ قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دانراون. هەروەها دەتوانیت ڕاوێژ و ئامۆژگاری تریش وەربگریت کە پەیوەندییان هەیە بە کار و چالاکیی سیستەمی یارمەتیدانەوە. پێویستیی تۆ بۆ یارمەتی بەشێوەیەکی تاکە کەسی هەڵدەسەنگێنین و یارمەتیدانەکانیش لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی پێویستیی یارمەتیی تاکەکەسیی خۆت بەپێی ئەو یاسایانەی کە کاریان پێ دەکرێت ڕێکدەخرێن.

ئەگەر وەکو کەسێك کە داوای پەنابەریت پێشکەش کردووە لە فینلەندا دەژیت ، دەتوانیت خزمەتەکانی پێشوازی وەربگریت کە تایبەتن بە داواکارانی پەنابەری. هەر کاتێك بتەوێت دەتوانیت لە ناوەندی پێشوازیەکەی خۆتدا ( لە کەمپەکەتدا) سەبارەت بە تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکانی خۆت لە کارەکانی پێشوازیدا پرسیاری زانیاریی زیاتر بکەیت. ئەگەر لە فینلەندا شاری نیشتەجێبوونت هەیە، شاری نیشتەجێبوونەکەت بەرپرسیارە لە ڕێکخستنی ئەو کردەوە یارمەتیدەرانەی کە تایبەتن بە قوربانیانی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە. هەر کاتێك بتەوێت دەتوانیت لە بوارەکانی خزمەتی سۆشیال و خزمەتی تەندروستیی شارەکەی خۆشت سەبارەت بە تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکانت پرسیاری زانیاریی زیاتر بکەیت.

لە تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکاندا لە سیستەمی یارمەتیدان، فەرمانە گشتیەکانی پاراستنی زانیاریی یەکێتیی ئەوروپا و یاسا نیشتیمانیەکان پێڕەو دەکرێن.

سیستەمی یارمەتیدان لە پێشا زانیاریە کەسێتیەکانت لە خۆت وەردەگرێت و / یان لەو لایەنە فەرمییەی کە تۆی بە سیستەمی یارمەتیدان ناساندووە یان لایەنێکی تر یان لەو پێشنیارەی کە بۆ سیستەمی یارمەتیدان نێردراوە. کەموکورتیەکانی زانیاریەکانت لە قۆناخەکانی درەنگتری بوونت بە نەفەر پڕ دەکرێنەوە. تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکانت هەمیشە پەیوەست دەبن بە کار و کردەوە یاساییەکانی سیستەمی یارمەتیدانەوە و زانیاریەکانت هەمیشە بە پاراستنەوە و تەنها بەو مەبەستە تاوتوێ دەکرێن کە لە بنەچەکدا کۆکراونەتەوە. زانیاریە کەسێتیەکانت لە کاتی هەبوونی مافی وەرگرتنیاندا تەنها بە ڕەزامەندیی خۆت یان لەسەر بنەمای یاسایی کارپێکراودا ڕادەست دەکرێن.

*یاسای پێشوازیکردن لە پێشکەشکاری داوای مافی پارێزگاریی جیهانی هەروەها ناسینەوە و یارمەتیدانی قوربانیی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە.

## تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکان لە تۆمارەکان و سیستەمەکانی زانیاریدا

### سیستەمی تاوتوێکردنی مامەڵەی بیبانیەکان لە کاری سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە

سیستەمی یارمەتیدان لە کارەکانیدا سیستەمی تاوتوێکردنی مامەڵەی بیانیەکان بەکاردەهێنێت. لە سیستەمی تاوتوێکردنی مامەڵەدا هەموو ئەو قوربانیانەی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە کە لە سیستەمی یارمەتیداندان و ئەو کەسانەی کە بە سیستەمی یارمەتیدان ناسێنراون تۆمار دەکرێن. لە سیستەمی تاوتوێکردنی مامەڵەدا زانیاریەکانت تاوتوێ دەکرێن لە پێناو پەسەندکردنت وەکو نەفەری سیستەمی یارمەتیدان و دەرکردنی بڕیاری تایبەت بە کۆتاییهێنان بە پەیوەندییەکەت وەکو نەفەر ، هەروەها لە پێناو ئەگەری بڕیاردان لەسەر کاتی بیرکردنەوە و ڕێکخستن و پلاندانان و جێبەجێکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی کوالیتیی یارمەتیەکە، هەروەها بۆ دیاریکردنی ئەو لایەنە فەرمییەی کە بەرپرسە لە ڕێکخستنی کردەوە یارمەتیدەرەکان. هەروەها دەتوانرێت زانیاریەکانت لە پلاندانان و جێبەجێکردن و سەرژمێریکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی ڕێکخستنی کردەوە یارمەتیدەرەکانی قوربانیانی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە تاوتوێ بکرێن.

تاوتوێکردنی زانیاریەکان دەکرێت بەڕێگای ئەلیکترۆنی یانیش بە دەستی لە شێوازی کاغەزدا ڕوو بدەن. لەو بارودۆخانەدا کە پەیوەندییان هەیە بە ئەگەری مەترسی، پشێوی- یان بارێکی نائاساییەوە هەروەها ئەگەر پەیوەندییان هەبێت بەو کردەوە پاشەکییانەی کە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخانەدا پێویست دەکات بکرێن، زانیاریە کەسێتیەکانت لە سیستەمێکی جیاوازی زانیاریدا کە بۆ ئەم مەبەستە هەیە تاوتوێ دەکرێن (تەنها ئەو نەفەرانەی سیستەمی یارمەتیدان دەگرێتەوە کە لە ناوەندی پێشوازی (لە کەمپ)دا نیشتەجێن.

- شیکردنەوەی پاراستنی زانیاری لە تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکان لە کارەکانی سیستەمی یارمەتیداندا لەم سایتەدا دەست دەکەوێت: ihmiskauppa.fi
- سەبارەت بە تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکان لە سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە بە ڕێگای ئەم ئیمەیلە پرسیار بکە: ihmiskauppa.auttamisjarjestelma@migri.fi.

**تۆماری نەخۆشەکانی پێشوازی**

ئەگەر خزمەتەکانی تەندروستیت بەو ڕێگایە پێ دراکە سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە بۆتی ڕێکخستووە (ئەو نەفەرانە ناگرێتەوە کە لە فینلەندا شاری نیشتەجێبوونیان وەرگرتووە)، ناوت لە تۆماری نەخۆشەکانی پێشوازیدا تۆمار دەکرێت. لە تۆماری نەخۆشەکاندا زانیاریە کەسێتیەکان و زانیاریە نەخۆشیەکانت هاوکات لەگەڵ پشکنینی تەندروستیی سەرەتایی و ئەو کردەوانەی تر کە پەیوەندییان بە خزمەتی تەندروستیەوە هەیە تاوتوێ دەکرێن کە لەلایەن کەسی پیشەیی خزمەتی تەندروستی سەر بە تیمی کاری سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە یان ئەو یەکە چارەسەرکارەی کە سیستەمی یارمەتیدان ڕێکەوتنی لەگەڵدا هەیە جێبەجێ دەکرێت. هەروەها دەکرێت زانیاریەکانت لە پلاندانان و ڕێکخستن و جێبەجێکردن و سەرژمێریکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردنی خزمەتەکانی تەندروستیشدا تاوتوێ بکرێن.

- شیکردنەوەی پاراستنی زانیاریی تۆماری نەخۆشەکان لەم سایتەدا دەست دەکەوێت: www.migri.fi/tietosuoja
- سەبارەت بە تاوتوێکردنی زانیاریەکانی نەخۆش لە سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە بە ڕێگای ئەم ئیمەیلە پرسیار بکە: ihmiskauppa.auttamisjarjestelma@migri.fi.

**سیستەمی بەڕێوەبردنی مەترسیەکان گرانیت Granite**

گرانیت **Granite** - سیستەمی بەڕێوەبردنی مەترسیەکان بۆ ڕاپۆرتکردنی بارودۆخە مەترسیدارەکان و پشێویەکان و هەڕەشەدارەکان و تۆمارکردنی ئەو کارو کردەوانە بەکاردەهێنرێت کە لە ئەنجامی ئەو شتانەدا دەکرێن. ئەو جۆرە ڕووداوانە بە بارودۆخی مەترسیدار و پشێوی و هەڕەشەدار دادەنرێن کە کاریگەرییان هەیە یان لەوانەیە کاریگەرییان هەبێت بۆ سەر ئاسایشی کارمەندەکان و نەفەرەکانی ناوەندی پێشوازی (کەمپ) یان بۆ سەر ژینگەکە.

- شیکردنەوەی تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکان لە کارەکانی ناوەندی پیشوازیدا لەم سایتەدا دەست دەکەوێت: www.migri.fi/tietosuoja
- سەبارەت بە تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکان لە ڕووداوەکانی سیستەمی بەڕێوەبردنی مەترسیەکان لە سیستەمی یارمەتیدانی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە بە ڕێگای ئەم ئیمەیلە پرسیار بکە: ihmiskauppa.auttamisjarjestelma@migri.fi

**تۆماری کارتی پارەدان**

ئەگەر پارەی پێشوازی وەربگریت (پارەی کەمپ) و بەرپرسیارێتی بڕیاردان لەسەر پارەی پێشوازی و پارەدانەکەت لە ئەستۆی سیستەمی یارمەتیدان بێت، سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بەمرۆڤەوە کارتێکی پارەدانت پێ دەدات بۆ ئەوەی بەکاری بهێنیت. تۆماری کارتی پارەدان بۆ ئەو پلان و جێبەجێکردنانە بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندییان بە کارتەکانی پارەدانەوە هەیە، هەروەها لەو کاتانەدا کە کردەوە چاودێریەکان ئەنجام دەدرێن. لە نامیلکەی زانیاریی تایبەت بە کارتی پارەدان زانیاریی وردترت دەست دەکەوێت سەبارەت بە کارتی پارەدان.

- شیکردنەوەی پاراستنی زانیاریی کارتی پارەدان لەم سایتەدا دەست دەکەوێت: www.migri.fi/tietosuoja
- سەبارەت بە تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکان کە پەیوەندیی هەبێت بە کارتەکانی پارەدانەوە بە ڕێگای ئەم ئیمەلە پرسیار بکە: ihmiskauppa.auttamisjarjestelma@migri.fi.

**مافی گەیشتن بە زانیاریە کەسێتیەکان**

ئەو کەسەی کە تۆمارکراوە مافی ئەوەی هەیە داوا بکات کە زانیاریە کەسێتیەکانی یان هەر زانیاریەکی خۆی کە لە تۆماردا هەڵگیراوە یان تاوتوێ دەکرێت ببینێت و بزانێت کە زانیاریە کەسێتیەکان تاوتوێ ناکرێن. داوای زانین لە ڕاگری تۆمار بەشەخسی دەکرێت، بەم شێویە:

- به ناردنی داوای زانیاری بۆ ناونیشانی ڕاگری تۆمار کە لە شیکردنەوەی پاراستنی زانیاریدا دەبینرێت.
- بە مامەڵەکردن بەشەخسی لەگەڵ نوێنەری تیمی کاری سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.

لە هەلومەرجە تایبەتەکاندا دەکرێت مافی پشکنین ڕەت بکرێتەوە. ئەگەر ڕاگری تۆمار پێدانی زانیاریەکان ڕەت بکاتەوە، لەو بارەیەوە بڕوانامەیەکی کاغەزی دەدرێت. لە بڕوانامەکەدا ئەو هۆیانە باس دەکرێت کە بۆچی مافی پشکنینەکە ڕەت کراوەتەوە.

ڕاگری تۆمار دەتوانێت بە قەرەبووکردنەوەیەکی گونجاو داوای خەرجە ڕاستەوخۆکانی بەکارهێنانی مافی پشکنین بکات، ئەگەر لە بەکارهێنانی مافی پشکنینی جاری پێشووترەوە کەمتر لە یەك ساڵ بەسەرچووبێت.

### مافی ڕاستکردنەوەی زانیاریەکان یان پڕکردنەوەی کەموکورتیەکانی

ئەو کەسەی کە تۆمارکراوە مافی ئەوەی هەیە داوا لە ڕاگری تۆمار بکات کە ئەو زانیارییە کەسێتیەی کە لە تۆمارەکەدا هەیە و بۆ تاوتوێکردن هەڵەیە یان کەموکورتیی تێدایە یان کۆن بووە، ڕاست بکاتەوە یان بیسڕێتەوە یان کەموکورتیەکەی پڕبکاتەوە. لەو جۆرە حاڵەتانەدا تکامان وایە باسی ئەوە بکەیت کە چی زانیارییەك هەڵەیە و باسی ئەوەش بکە کە لەسەر چی بنەمایەك هەڵەیە و دەبێت بەچی شێوەیەك زانیارییەکە بگۆڕدرێت، یان باسی ئەوە بکە کە چی زانیارییەك کەموکورتیی تێدایە و دەبێت پڕبکرێتەوە و بەچی شێوەیەك.

داوای ڕاستکردنەوە – سڕینەوە یان پڕکردنەوەی کەموکورتیی زانیاری بەشەخسی دەکرێت لە ڕاگری تۆمار بەم شێوەیەی لای خوارەوە؛

- بە ناردنی داوای ڕاستکردنەوەی زانیاریەکان بە نامە بۆ ڕاگری تۆمار کە ناونیشانەکەی لە شیکردنەوەی پاراستنی زانیاریدا دەبینرێت.
- مامەڵەکردن بەشەخسی لەگەڵ نوێنەری تیمی کاری سیستەمی یارمەتیدانی قوربانیانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.

### ئاگاداریی تایبەت بە تاوتوێکردنی زانیاریە کەسێتیەکان و مافی سکاڵاکردن لای کاربەدەستانی چاودێریکردن

ئەگەر بتەوێت سەبارەت بە کێشەیەکی تایبەت بە تاوتوێکردنی زانیارییە کەسێتیەکانت ئاگاداری بدەیت، بە پلەی یەکەم پەیوەندی بکە بە نوێنەری ڕاگری تۆمارەوە یان بە بەرپرسی پاراستنی زانیاریی فەرمانگەی کۆچەوە. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە سەبارەت بە تاوتوێکردنی زانیاریەکانیشتەوە لای کاربەدەستانی چاودێری سکاڵا بکەیت. لە فینلەندا نووسینگەی بەرپرسی پاراستنی زانیاری (www.tietosuoja.fi) وەکو کاربەدەستی چاودێری کاردەکات.

**شیکردنەوە تازەکانی پاراستنی زانیاری لەم ماڵپەڕانەدا دەبینرێن؛ www.migri.fi و Ihmiskauppa.fi**